# وەرگرتنی سەد مووچە بەسەر یەکەوە بەقەرز

[ kurdish – کوردی – كردي ]

دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ حكم استقراض مائة راتب من الحكومة ﴾

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# وەرگرتنی سەد مووچە بەسەر یەکەوە بەقەرز

**پرسیار:** ئێستا شتێك کەوتوەتە ناو خەڵکیەوە کە حکومەت قەرزی سەد مووچە دەدا بە فەرمانبەران وپاشان لێیان وەردەگرێتەوە. ئایا حوکمی وەرگرتنی ئەم قەرزە بەپێی ئاینی پیرۆزی ئیسلام چییە ؟

**وەڵام:** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودرودی خوایش لەسەر پێغەمبەرمان محمد المصطفی و سەرجەم یار ویاوەر وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە ...

سەرەتا دەبیت بزانین پێدانی قەرز لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا بە کەسێکی هەژار وخاوەن پێداویستی کارێکی باشە وپێغەمبەری خودا لەفەرموودەکانیدا زۆر هانی خاوەن دەسەڵات ودەوڵەمەندەکانی داوە کە قەرز بدەن بە هەژاران، بەڵام پێویستە ئەم قەرزدانە قەرزێکی حەسەنە بێت واتە لەبەرامبەر پێدانینیدا هیچ زیادەیەك وەرنەگیرێت، چونکە ئەگەر زیادەیەك وەرگیرا ئەوا قەرزەکە لەکارێکی باش وخێرخوازیەوە دەبێت بە گوناهێکی گەورە ودەبێت

بەیەکێك لەو گوناهانەی کە پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وسلم) بە  یەکێك لەحەوت گوناهە لەناوبەرەکانی ناو بردووە (سبع الموبقات) جا ئەم قەرز پێدانەی حکومەتیش بەفەرمانبەران ئەگەر هاتوو زیادە ( فائدة) ی چوویە سەر ئەوە بێگومان (ڕیبا= سوود) ە وبەهیچ شێوەیەك ئاینی پیرۆزی ئیسلام ڕێگا بەوەرگرتنی نادات ولەم بارەیەشەوە کۆمەڵکێك ئایەتی پیرۆز  و فەرموودەی سەحیح هەڕەشەی توند دەکەن لەو کەسانەی ڕیبا و سوو خۆرن، وەك خوای گەورە فەرموویەتی :{الَّذِينَ يَأْكُلُونَ الرِّبَا لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ الَّذِي يَتَخَبَّطُهُ الشَّيْطَانُ مِنَ الْمَسِّ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا إِنَّمَا الْبَيْعُ مِثْلُ الرِّبَا وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا ...} {البقرة: ٢٧٥} واتە : ئەوکەسانەی سوود ئەخۆن، (دینارێك بە دوودینار ، یان بە زیاتر دەدەن) کە لە گۆڕ دەنرێن پاشان زیندوو ئەکرێنەوە راست دەبنەوە، وا راست دەبنەوە هەر دەڵێی شەیاتینی دەستی لێ وەشاندوون. عەرەبەکان بە مرۆڤی پەرکەمداروو فێداریان دەگوت: جنۆکە دەستی لێ وەشاندووە، ئەوجا قورئانی پیرۆزیش لەسەر زمانی ئەوان هات،

بەکورتیی: پیاوی سوود خۆر لە رۆژی قیامەتدا وەکو مرۆڤی پەتەڕیی و شێتی لێدێت، خۆ خواش کڕین و فرۆشتنی رێداوەو؛ سوود خۆریشیی حەرام و یاساغکردووە ....) یان فەرموویەتی : {یَا أَیُّهَا الَّذِینَ آمَنُوا لَا تَأْکُلُوا الرِّبَا أَضْعَافًا مُضَاعَفَةً وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّکُمْ تُفْلِحُونَ} {آل عمران :١٣٠} واتە : ئەی ئەوانەی باوەرتان هێناوە! سوود، چین لەسەرچین مەخۆن و وەری مەگرن، وەك سەردەمی نەفامی، دەچوون بۆ نموونە: (١٠٠) دیناریان ئەدا بە (٣٠٠) دینار.. چونکە لەبنەرەتدا سوود بەهەموو جۆرێ شتێکی حەرامکراوە، دەسا لەخوا بترسن و لە نافەرمانی خۆتان پارێزن ، بەشکو بەختیار ببن وبیبەنەوە ...

پێغەمبەری خوداش (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : "اجتنبوا السبع الموبقات قالوا: يا رسول الله وما هن ؟ قال: الشرك بالله، والسحر، وقتل النفس التي حرم الله إلا بالحق، وأكل الربا، وأكل مال اليتيم، والتولي يوم الزحف, وقذف المحصنات الغافلات المؤمنات" {صحيح البخاري ,3/1017برقم: ٢٦١٥، وصحيح مسلم ٩٢/١، برقم:

{٨٩ واته : خۆتان بەدوور بگرن لە حەوت تاوانە لەناوبەرەکە : ووتیان : ئەی پێغەمبەری خودا ئەو تاوانانە کامانەن ؟ فەرمووی : هاوەڵدانان بۆ خوداو سیحر وجادوو کردن وکوشتنی ئەو کەسەی خوای گەورە حەرامی کردوە بە هەقێك نەبێت، وە خواردنی سوود و خواردنیماڵی هەتیوو وپشت هەڵکردن لەڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ دوژمنان وتۆمەت هەڵبەستن بۆ ئافارەتانی باوەڕداری داوێن پاکی بێ ئاگا لەو تۆمەتە .

هەروەها ڕیوایەتی کراوە لە جابر یکوڕی عەبدوڵڵاوە (خوای لێ ڕازی بێت ) کە ووتویەتی : ": ( لعن رسول الله صلى الله عليه وسلم آكل الربا وموكله وكاتبه وشاهديه ، وقال هم سواء " {صحيح مسلم ٨ / ٢٨٨، برقم: ٢٩٩٥} واته : پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وسلم) نەفرینی کردووە لەو کەسەی سوود دەخوات ولەو کەسەشی کە کەسێکی تر دەکات بەوەکیل بۆ سوود وەرگرتن لەوە کەسانەشی نووسەر وشاهیدی گرێ بەستی سوود خواردنن، لەکۆتایدا فەرموویەتی : هەر هەموویان یەکسانن .

ئەمانە و چەند ئایەت وفەرموودەیەکی تر کە تەئکید لەسەر حەرامی وگەورەی تاوانی سوود خواردن دەکەنەوە .

خوای گەورەش زانا وشارەزاترە ...